# بڕیارنامەی ٨ ی مارسی ٢٠٠٥ ی سنه

٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانی ملیۆنها مرۆڤی ئازادیخواز و یەکسانیخوازە. بزووتنەوەی ژنان لەم ڕۆژەدا سکالانامەی خۆی لە دژی دنیایەک ستەمگەری، زەبروزەنگ، بێمافی، هەلاواردن و نایەکسانی دێنەتە گۆڕێ و داخوازیە ئینسانیەکانی خۆی لە دژی سیستمی سەرمایەداری وەک ماکە و سەرچاوەی هەموو کوێرەوەریەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لە دژی پارێزەرانی ئەم سیستمە بەرز دەکاتەوە. ئێمە، ژنان و پیاوانی بەشداری مەراسمی ٨ ی مارس، هاودەنگ لەگەڵ ژنان و پیاوانی ناڕازی دنیا، ویست و داخوازیەکانمان ڕادەگەیەنین و بۆ بەدەسهێنانیان خەبات دەکەین:

١- ئاپارتایدی جنسی مەحکووم دەکەین و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەین کە پیاوسالارانە و دژ بە ژن و یەکسانین.

٢- خوازیاری بەڕەسمی ناسینی مافی یەکسانی ژن و پیاوین لە هەموو بوارەکانی چالاکی کۆمەلایەتی، ئابووری و سیاسیدا.

٣- بەردەباران کردن، توندوتیژی دژی ژنان و کوشتارە ناموسیەکان بە تاوان و دڕندەیی دژی مرۆڤایەتی دەزانین و مەحکوومیان دەکەین.

٤- ئازادیە فەردی و کۆمەلایەتی و مەدەنیەکانی خەڵکی دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت. خستنە ژێر پێی هەر کامێک لەو مافانە و بە هەر بیانوویەکەوە بێت تاوانە.

٥- دیاری کردنی ماف و مووچەی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان.

٦- ژنانی ماڵەوە بە بێکار دادەنرێن. ئێمە خوازیاری دابینکردنی تەواوی مافە کۆمەلایەتیەکانی وەک بیمەی بێکاری، بیمەی لەکارکەوتن، بیمەی خانەنشینی و مافی بەهرەمەندبوون لە مووچە و مەزایای (ئیمتیازی) یەکسانین بۆ هەموو ژنانی ماڵەوە.

٧- هاوسەران و منالانی کرێکاران بە بۆنەی ئەو هەلومەرجە نامرۆڤانەیەی بەسەریاندا سەپاوە ستەمیان لێ دەچێ. ئێمە لە ناڕەزایەتی و خەباتی کرێکاران و بنەماڵەکانیان بۆ وەرگرتنی مووچە نەدراوەکان، زیادکردنی مووچە بە پێی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گرانی و بۆ بەهرەمەندی خێزانە کرێکاریەکان لە ژیانێکی خۆشگوزەران و ئینسانی پشتیوانی دەکەین.

بژی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان!

بژی ٨ ی مارس!

**ڕێکخراوی پشتگیری ژنان** (جامعە حمایت زنان)

**١٨ ی ڕەشەمەی**

**٨٣**

www.akjamal.com

**لە وەرگێڕانی (ئەنجوومەنی کرێکاری جەماڵی جەماڵی چراغوەیسی)**